# كارەبا و ئەنجومەنی گوند و شارۆچکە و گەڕەكەكانی كوردستان

د.فایق محەمەد گوڵپی
2005-10-30

لای هەموان ئاشكرایە یەك لە كێشە سەرەكیەكانی خەڵكی باشوری كوردستان ، لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر ، ئەو كەمو كوڕیە جدییەیە كە لە بواری خزمەتگوزاری كارەبادا لە ژێر دەسەڵاتداری هەردوو حزبی زلدا پێوەی گیرۆدە بوون .

ئەگەر چاوێك بەم زانیاریانەی خوارەوە بخشێنین كە دەربارەی گەیشتنی تەزوی كارەبایە بە ناوچە جیاكانی كوردستان و عێراق ، هەندێ ڕاستی حاشاهەڵنەگرمان بۆ دەرئەكەوێت و چەند هەڵسەنگاندنێكی زانستیانە و تێڕوانینی جدیمان دەست دەكەوێت .

1.لە شاری هەولێر حكومەتی هەرێم ڕۆژانە بۆ ماوەی 4-5 سەعات تەزوی كارەبا دابین دەكات . لە هەندێ گەڕەكی هەولێر مولیدە( جەنەرەیتەر) ی كەرتی تایبەت هەیە ، ڕۆژانە چەند سەعاتێك كارەبا بەو ماڵانە دەفرۆشن كە گوزەرانیان باشە . ئەو كەسانەی كە دەسەڵاتدار و دەولەمەندن لە ماڵەوە مولیدەی تایبەتی خۆیان هەیە ، بە بەكارهێنانی گاز و بەنزین و دەنگی مولیدەكە ژینگەی گەڕەك پیس دەكەن و لە ژێر لێزمەی پڕتەو بۆڵە و جنێوداندا ڕۆژانە چەند سەعاتێك كارەبای خۆیان دابین دەكەن .

2. لە شاری سلێمانی حكومەتی هەرێم ڕۆژانە 6-7سەعات تەزوی كارەبا بۆ ناو شار دابین دەكات ، لەم شارەدا مولیدەی كەرتی تایبەت لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە ئەنفال كران . لە سلێمانی هێڵێكی تایبەتی كارەبا هەیە پێی دەڵێن فیدەری یەك ، ئەم فیدەرە كارەبای ماڵی زۆرێك لە بەرپرسەكان و بارەگای حزبەكان بیست و چوار سەعاتە دابین دەكات . ئەو كەسانەی توانای كڕین و بەكارهێنانی مولیدەی تایبەتیان هەیە بۆ ماڵی خۆیان ، لەوانەی شاری هەولێر زۆرتر ژینگەی شارەكە پیس دەكەن و زیاتر جنێوو پڕتەوبۆڵە دەخۆن .

3.موسڵ : ئیدارەی ئەم شارە ڕۆژانە 12 سەعات ( 3 سەعات كارەبای حكومی هەیە ، 3 سەعات نیە ) تەزوی كارەبا بۆ خەڵكی شارەكە دابین ئەكات . كەرتی تایبەت لەو شارەدا لە ڕێگەی مولیدەی تایبەتەوە زۆربەی سەعاتەكانی تری ڕۆژ بە پارە كارەبا بۆ خەڵك دابین دەكات .

4.بەغدا : بڕ و ڕێكخستنی كارەبای شاری بەغدا وەك هی موسڵ وایە .

5. كەركوك : شاری كەركوك لە ڕوی خزمەتگوزاری كارەباوە لە شارەكانی تری كوردستان و عێراق باشترە ، ڕۆژانە زیاتر لە 15 سەعات كارەبای حكومی بۆ كەركوك دابین ئەكرێت . ئەو كاتانەی كارەبای حكومی دەبڕێت مولیدەی كەرتی تایبەت ئامادە و ڕێكخراوە بۆ دابینكردنی تەزوی كارەبا .

6. دهۆك : لەبەر ئەوەی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی نەوەدەكاندا ، كارەبای ئەم شارەی بڕی ، هەر لەو كاتەوە تەزوی كارەبای لە وڵاتی توركیاوە بۆ ڕاكێشراوە ، كارەبا بە بەردەوامی لە پارێزگای دهوك هەیە .

7. شارۆچكەی خورماڵ : ئەم شارۆچكەیە تا ئێستە هێڵی كارەبای گشتی (حكومەتی هەرێمی كوردستانی ) بۆ ڕانەكێشراوە ، لە دوای دەركردنی هێزە ئیسلامیەكان لە شارۆچكەكە ، ئیدارەی سلێمانی مولیدەیەكی بۆ دابینكرد ، كە

**ڕۆژانە نزیکەی 10 دە سەعات تەزوی کارەبا بۆ خەڵکی شارۆچکەکە بەرهەم دێنێ . لەم شارۆچکەیەشدا موەلیدەی کەرتی تایبەت هەیە ، ڕۆژانە نزیکەی 7 سەعات کارەبا بە خەڵك دەفرۆشێت .**

**8. گوندی بەرگرگە : گوندێکە لە بناری قەندیل لەسەر جادەی گشتی سەنگەسەر – دیانە ، لە نێوان سنوری دەسەڵاتی ئیدارەی یەکێتی و پارتیدایە ، بۆ خۆیان بەبێ هاوکاری حکومەتەکان و هیچ لایەنێکی تر پڕۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبایان بە ئاو (کەهرۆ-مائی) وەدەست هێناوە و بیست و چوار سەعاتە کارەبایان هەیە .**

**بەبینینی ئەم بەرز و نزمی و بێ بەرنامەیەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبادا ، چەندان سەرنج و تێبینی نەگەتیڤ و پۆزەتیڤ لای هەمومان گەڵاڵە دەبێت :**

**1. بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی خزمەنگوزاری کارەبا لە ژێر سایەی حکومەتی ناوەندی عێراق دا ، لە ڕەوشی کارەبای هەرێمی کوردستان باشترە . ئەمە چی دەردەخات ؟ ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە تەنگ کێشەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نایەن ، خۆیان لە پێناوی پێداویستیەکانی خەڵکدا ماندوو ناکەن .خۆ ئەگەر ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان پێویستی کارەبایی کوردستان تێرناکات ، دەتوانن سەدان موەلیدەی کارەبا بخەنە کار و بڕێکی تری پێویستی کارەبای خەڵکی دابین بکەن . یان هیچ نەبێت بە کەمێك جەسارەتەوە ، لە حکومەتی ناوەندیەوە بڕە کارەباکەی بەرکەوتوی کوردستان وەربگرن ، گەر ئەمەش ناکەن بۆچی لە وڵاتی ئێرانی دۆستەوە هێڵی کارەبا بۆ هەولێر و سلێمانی ڕاناکێشن ؟ ئەی بۆچی بۆ ڕاکێشانی شتی تر ئازان و سڵ ناکەنەوە ؟!! .**

**2. بە بڕوای من هەردو حزبی دەسەڵاتداری باشوری کوردستان بە ئاگایی و زانابون دیاردەی بڕین و دابیننەکردنی کارەبایان بەسەر جەماوەری باشوری کوردستاندا سەپاندووە ، چوونکە نەبوونی کارەبا گەورەترین هۆکاری پێشنەکەوتنی ئابوریە ، ئەگەر کەسێك سەردانی بازاڕەکانی سلێمانی و هەولێر بکات ، دەبینێ چۆن کاری کاسبکاران ڕاوەستاوە ، دەبینێ چۆن ئیشی ڕۆژانەی هاوڵاتیان دوا دەکەوێت ، دەبینێ چۆن خەڵك لە ناو گێژاوی بێکاریدا نقوم بووە . ئەمەش یەکێکە لە بەرنامە جەهەننەمیەکانیان کە بۆ خەڵکی هەژاری کوردستانیان داخستووە ، تا زیاتر هەژاری بکەن و هەموو سەروەت و سامانی کوردستان لە ناو چنگی خۆیاندا کۆبکەنەوە ، ڕێگەی بازاڕی ئازاد لە کاسبکاران و بازرگانان قۆرخ بکەن ، تەنها خێزان و دارودەستەی خۆیان نەبێت کەس دەرفەتی کار وکاسبی نەبێت . بەم شێوەیە سوپایەکی گەورەی بێ بەرهەم کە ناتوانێ لە ڕوی ئابوریەوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ ، درووست بووە ، بە شوێن نان و بژێوی دا دەگەڕێت ، ئەمان نانێکی مەمرەو مەژی ئەدەنێ بەو مەرجەی تاماوە گوێڕایەڵ و ملکەچیان بێت و دەسەڵاتەکەیان بۆ بپارێزێت .**

**دابین نەکردنی کارەبا بەو شێوەیەی ئێستەی پارێزگای هەولێر و سلێمانی هۆکاری سیاسیشی لە پشتەوەیە ، بەم شێوەیە دەبینین کە جەماوەر لە باتی ئەوەی ڕۆژانە بەبەردەوامی ئاگای لە ڕوداوکانی دنیاو ناوچەکە و کوردستان بێت ، سەتەلایت و سایتی ئینترنێت ببینێت ، دەرفەتی باشی بۆ خوێندنەوە و کۆڕ بۆ دابینبکرێت ، تاریکستانی کوردستان وا دەکات کە مرۆڤ ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك لە ڕوی سیاسی و خۆپەروەردەکردنەوە چالاك بێت ، بە بێ ئارەزوی خۆی شەو سەعات دوانزە بخەوێت . ئەم ڕەوشە ناهەموارە ئابوری و کومەڵایەتی و سیاسیەی حزبە حوکڕانەکانی باشور بە هۆی نەبونی کارەباوە کوردیان پێوە گلاندووە ، سیاسەتێکی کونەپەرستانەی دەسەڵاتخوازی قێزەونە نمونەی لە هیچ وڵاتێکدا نیە ، ئامانجەکەشی ئەوەیە کە جەماوەر وریا نەبێتەوە و لە**

ناوەڕۆكی نانەتەوەیی و نادیمەكراتی و سیستەمی سیاسی خێڵەكەكی و كونەپەرستی ئەوان تێنەگات و هەروا بە كۆیلەی ئەوان بمێنێتەوە .

3.لە كاتێكدا كە دەسەڵاتدارانی كوردستان بەو شێوەیە جەماوەری پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی بێ دەربەستانە لە ناو كێشەی بێ كارەبایی و ئەنجامە نەگەتیڤەكانیدا بەجێدێڵن ، مەترسی بێ باوەڕی بە حزب و دەسەڵاتی كوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد ئەكات ، ئەمەش بۆ خۆی خزمەتێكی گەورەی داگیركەران و دوژمنانی كورد ئەكات .
ئەگەر لە شاری كەركوك ی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی جەعفەری دا خزمەتگوزاری كارەبا و بوارەكانی تری ژیان لە شارەكانی هەولێر و سلێمانی باشتر بێت ، ئازادی ڕادەربڕین و ژمارەی كەناڵی ڕاگەیاندن و بارەگای حزبیش زیاتر بێت ، ئتر چۆن ئەگەری ئەوە هەیە كە خەڵكی پارێزگای كەركوك دوای دوو ساڵ و دوو مانگ پاش ئاسایی كردنەوەی بارودۆخ لە ڕاپرسیدا دەنگ بۆ گەڕانەوەی ژێر دەسەڵاتی هەولێر یان سلێمانی بدەن ؟!!.
4.ئەوەی كە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە ئەو كەم دەنگی و هەڵوێستە لاوازەی جەماوەری باشوری كوردستانە بەرامبەر بەو بێدەربەستیەی دەسەڵاتداران ، لە ئاست پێویستیە ژیانیەكانی ڕۆژانەی گەلدا ئەنجامی ئەدەن . لە هەمانكاتدا ئەو دەنگكردن و هەڵوێست نیشاندانانە (كە لاوازیشن ) لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جیاوازن . بۆ نموونە هەڵوێستی جەماوەر لە شاری سلێمانی زۆر نەگەتیڤە چونكە حكومەتی سلێمانی مولیدە ئەهلیەكانی هەڵگرت و كارەبای پێویستی بۆ خەڵك دابین نەكرد ، كەس قسەی نەكرد . ئەنجومەن و دانیشتوانی گەڕەكەكانی سلێمانی هێندەی خەڵكی شارۆچكەی خۆرماڵیان لە دەست نەهات و نەیانتوانی دوور لە دەسەڵاتی حكومەتی حزبەوە بۆ هەر گەڕەكێك مولیدەیەك دابین بكەن .
ئەو حاڵەتەی لە گوندی بەرگردكە بینرا كە بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵات خەڵكی گوند دەتوانن كارەبای خۆیان دابین بكەن جێگەی دڵخۆشی و مایەی بیركردنەوە و تێڕامانە .
لە لایەكەوە ئەوە دەرئەخات كە دانیشتوان بڕوایان بە دەسەڵاتداران نەماوە خزمەتیان بكەن ، لە لایەكی ترەوە ئیرادەو عەشقی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی كارو باری ناو گوندەكەیان دەرئەخەن ، كە بۆ خۆی هەنگاوێكی سەرەتایی سروشتیە بەرەو كۆمەڵگای مەدەنی و لاوازكردنی دەسەڵاتی حزب ، لە هەمانكاتدا ئەم دیاردەیەی گوندی بەرگركە گێڕانەوەی ئیرادەو ڕۆڵی جەماوەرە لە توانای بەڕێوەبردنی كاروباری وڵاتدا ، دەبێ خەڵكی شار و شارۆچكە و گوندەكانی تری كوردستان چاو لە خەڵكی ئەو گوندە بكەن و ئەنجومەنی گەڕەك ، شارۆچكە ، گوند ، ئاوا بكەن و زۆربەی كارە خزمەتگوزاری و كومەڵایەتی و ئابوریەكانی خۆیان لە ژێر كونترۆڵی ڕەهای حكومەتی حزبیدا دەربهێنن و بە هاریكاری یەكتری ئیدارەی كوردستان بەڕێوەببەن .